

# لۆهان دەبێتە راوێژکار

کچە کۆرانیبێژ و ئەکتەری ئەمریکی لیندسی لۆهان لە مانگی ئەیلوولی رابردوو یەکەم هەنگاوی خۆی ناو لە بواری دیزاینەر جلوبەرگی ئافرەتانەوە، بۆ ئەم مەبەستەش وەك راوێژکارێکی هونەری لە خانەی (ئیمانویل ئەنگارۆ)دامەزرا و یەکەم نمایشی خۆیشی لە چوارچێوەی هەفتەی مۆدەی پاریس پێشکەش کرد.

دەربارەی یەکەم تاقیکردنەوەی لەو بوارەدا لیندسی لۆهان لە دیمانەیەکیدا بۆ گۆڤاری (سەندای تایمز) گوتی: من چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد خەڵك ئەوەندە دیزاینەکانی منیان خۆش بوێت وبەو شێوەیە خەڵك پێن بۆ بینینی، بەڵام هەستم دەکرد هەموویان بۆ دەستخۆشی و رەزامەندی دەربڕین نەهاتبوون بەڵکو هەندێکیان بۆ رەخنە گرتن و کەم کردنەوە لە بەهای کارەکانم هاتبوون، ئەمەش لە کارەکانی دیکەشمدا رەنگی داوەتەوە. لۆهان هەروەها گوتی: من دەمزانی کە هەندێك کەس هەوڵ دەدەن بمکەن بە ئامانجی خۆیان، هۆیەکەی نازانم چییە، بەڵام من ئامادەم بۆ هەموو شتێك.

لۆهان لە ماوەی رابردوودا دووچاری چەندین گرفتی جیاجیا بووەتەوە لەوانەش گرفتە بەردەوامەکانی لەگەڵ باوکی ئەمە سەرەڕای ئەوەی ماوەی زیاتر لە ١٦ مانگ کار لەسەر ئەلبوومێکی نوێی دەکات، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە بەرهەمی بهێنێت دوای ئەوەی ئەو کۆمپانیایەی کاری لەگەڵدا دەکرد کارەکانی راگرت، بۆیە کاریگەری شەونخونی و خواردنەوەی زۆر بە ئاشکرا بە سەر وسیمایەوە دێتە بەرچاو.

# نور شەریف بەرگری لە لادان دەکات



هونەرمەندی گەورەی میسری نور ئەلشەریف بەرگری لە دیاردەی لادانی سێکسی (شذوذ جنسي) کرد و بە یەکێك لە مافەکانی مرۆڤی دانا، نور لە چوارچێوەی بەرنامەی (واحد من الناس) لەگەڵ راگەیاندنکار عەمرو لەیسی ئاماژەی بەوە کرد کە ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاوە.

ئەم لێدوانەی نور ئەلشەریف دوای ئەوە هات کە رۆژنامەی (البلاغ) ناوی ژمارەیەك هونەرمەندی بڵاوکردەوە لە لیستی تۆڕێك کە کاری (شذوذ جنسي) دەکەن لەوانەش خالید ئەبولنەجا هەر بۆیەش نور سکاڵایەکی بەرز کردەوە دژی رۆژنامەی ناوبراو بەوەی کە زیانی بە ناوبانگی ئەو گەیاندووە و لەو کەسانە خۆش نابێت کە ویستوویانە ناوی بزڕێنن و ماڵی تێك بدەن هەر بۆیەش کێشەکە گەیشتە دادگا، هەروەها سەندیکای هونەرمەندانی میسریش پشتگیری خۆی لە هونەرمەندانی ناوبراو دووپات کردەوە وئەوانیش داوایەکیان پێشکەش بە دادگا کرد دژی رۆژنامەکە و داوای لە بەرپرسانی رۆژنامەکە کرد کە بە وردی لە بابەتەکە بکۆڵنەوە، ئەشرەف زەکی نەقیبی هونەرمەندانی میسری بە میدیاکانی راگەیاند کە ئەوان هاتوون بۆ بەرگری کردن لە هونەری میسری.

# هەیفا کودەتایەکی لە میسر بەرپا کرد



لە چاوتروکانێکدا بۆرسەی کرێی خانمە ئەستێرەکانی سینەمای میسری بەرز بۆوە و ئەم ڤایرۆسە بودجەی فیلمەکانیشی گرتەوە و بوو بە بارگرانییەکی زۆر لەسەر شانی بەرهەمهێنەرانی فیلمەکان، چونکە جاران کرێی ئەستێرە هەرە ناودارەکانی سینەمای میسری بە هەزار دەژمێردرا، بەڵام ئێستا ئەکتەرەکان بە ملیۆن قسە دەکەن.

سەبارەت بە داهاتی پیاوەکان جێگای سەرسوڕمانە تا ئێستا محەمەد سەعد لە پێشەوەی عادل ئیمام دێت بە بڕی ١٣ ملیۆن جونەیهی میسر کەچی داهاتی عادل ئیمام تا ئێستا لە ١٠ ملیۆنی تێپەڕ نەکردووە و ئەحمەد حلمیش لە پلەی سێیەمە بە ٨ ملیۆن جونەیهی میسری، بەڵام سەبارەت بە ئافرەتەکان هاتنە ناوەوەی هەیفا وەهبی بۆ ناوجیهانی سینەما و نواندن بووە هۆی بەرپا بوونی کودەتایەك لە نرخی بەشداری کردنی هونەرمەندان و پێشبینی دەکرێت هەموو ئەکتەرە کچەکانیش نرخەکانی خۆیان بەرز بکەنەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی هەیفا لە یەکەم دەرکەوتنیدا ملیۆنێك و ٣٠٠ هەزار جونەیهی میسری وەرگرت.

یەکێك لە خانمە ئەکتەرە بەناوبانگە میسریەکان بێزاری خۆی بەرامبەر بە کرێی هەیفا بۆ کەناڵێکی میسری دەربڕی و گوتی: هەیفا حەقی خۆیەتی داوای چەند بکات، چونکە ئەو دەتوانێت هەندێك کار ئەنجام بدات کەس لە ئێمە ناتوانێت و ئامادە نییە بیکات.



# هونەرمەند لوقمان سەلیم بۆ گوڵان:



**هونەرمەند لوقمان سەلیم ساڵانێکە لە خزمەتــی هونەری کوریدایە، خاوەن دەنگێکی رەســەن ئەدایەکی کوردانەیە و توانیوویەتــی رۆ بچێتــە ناو ناخی گوێگرانی دەنگی و خاوەن ستایلێکی تایبەتــی خۆیەتی کــە ئەکرێت بڵێن ئەو ســتایلەیە کــە خزمەتی هونەری رەســەنی کوردی دەکات، هەمیشــە بــە گۆرانییەکانــی دەمانباتە دنیای پــڕ لە حوزم و دنیــای پڕ لە مهیری خۆشەویســتییەوە بۆیــەش گۆڤاری گــوڵان هەوڵی دا لــە رێگەی چەند پرســێکی هونەرییە هونەرمەند لوقمان سەلیم بهێنێتە ئاخاوتن.**


دیمانە: سۆران مارف کەریم

SORAN_MARF1980@YAHOO.COM


**• لوقمان ســەلیم چۆن لە ئاستی بواری هونەری گۆرانی کوردی دەڕوانێت؟**

- من لەگەڵ ئەوەدانیم کە هەندێك دەڵێن هونەری کوردی لــە قەیراندایە و پێم وایە هونەر لە ئاستێکی زۆر باشدایە و هەنگاوی ئیجابی نــاوە، هەر چەند نابێــت ئەوەمان لــە بیر بچێت کەوا زۆریــی و بۆرییەك لە هونــەری گۆرانی کوردیدا بەدی دەکرێت و هەندێ جار گۆرانــی کاڵ و کرچ لەگەڵ بەرهەمی باش تێکەڵاو بووە لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکانــی زۆر باش چ لــە بواری موزیك چ لــە بواری گۆرانــی خزمەتی هونەری کوردی دەکەن ئــەو کاروانە هونەرییەی کە بە ئاراستەیەك دەڕوات بێگومان ئاستەنگ دێتە پێشی و ئەگەر کاروانی هونەری بەرەو پێش بڕوات نابێت هونەرمەند ســڵ بکاتەوە لەو ئاستەنگانەی دێتە بەردەمی.

**• گۆرانی عەرەبــی و تورکی و فارس ئێســتا بە رادەیەکی زۆر کاریگەری لەسەر گۆرانی کوردی هەیە تــۆ ئایندەی ئەمە چۆن لێك دەدرێتەوە؟**

- سەرەڕای هەموو ئەو گرفتانەی کە هەن من گەشبینم لەگەڵ ئەو کاروانە بەلێشاوەی کە ئــاوازی عەرەبی و تورکی و فارســی خۆیی لــە بەرهەمەکانــی هونەرمەندانی کــورد دەبینێت و کاریگەری بەســەریانەوە هەیە، خۆشبەختانە کاروانێکی ترمان هەیە هونەری جوان و هونــەری بەپێزی کوردی بەرهــەم دەهێننــن و جەماوەریــش خۆی ســەنگی مەحەکە بۆ جیاکردنــەوەی کارە کوردییە رەســەنەکان و ئەو کاروانەی تر کە دەکرێن ، میدیای کوردیش پێویســتە رۆڵی خۆیی ببینێت لەوەی ئەو کاروانەی کە باشە و خزمەتی هونەری کوردی دەکات گرنگی پێبدات و هــەوڵ بدات هونــەری کوردی بخاتەوە سەر رێچکەی خۆی وەکو ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان کە هەرگیز ناکرێت لە یادی بکەین کەوا هونەری کوردی چەندین شــاکاری جوانی پێشکەش بە میللەتەکەی بکات.

**• ئایــا هونەری کــوردی توانیوویەتی لەمســەردەمەی ئێســتاماندا هەمــان ئەو شاکارە جوانانە پێشــکەش بکات کە پێشتر پێشکەش کردووە؟**

- ئەم پرسیارە هەڵوەستەی لەسەر دەکرێت و پرسیارێك دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە ئایا گوێگری کــورد وایلێهاتووە کــە نەتوانێت ئستیعابی ئەو فەوزایە بکات کە لە هونەری کوردیدا هەیە یــان عەجەبە لە حەفتاکان و هەشــتاکاندا کۆمەڵێك بەرهەمی هونەری تیپی مۆســیقای مەولەوی و ســلێمانی و هەولێر تا ئێستاش زیندوون و لە بیر و هزری خەڵکــدا ماونەتەوە و بوونیــان هەیە ، پێم وایەهەر بــە زیندوویيش دەمینێتەوە، ئێمەی هونەرمەند تا ئەمڕۆش شــانازی بەو کارە هونەرییانەی ئــەو کاتەوە دەکەین من بڕوام وایە خەڵکە گوێگرەکەشــی بە هەمان شێوە شانازی بەو بەرهەمانەوە دەکەن .

**• هەندێك لەو بڕوایەدان هەر ســەردەم و زەمەنێك موسیقای خۆی هەیە تۆ لەو رووە چی دەڵێیت؟ پێت وایە ئێمە ئێستا پێویستمان بە ستایلێکی تر هەیە؟**

- پێم وایە پێویستە گۆڕانکاری هەبێت، بەڵام نەك بەو ئاراستەیەی لەسەر حیسابی هونەری کوردی بێت و خۆزگە بە گەڕانەوە بۆ هونەری ســاڵانی حەفتاکان هەشتاکان بخوازین من هەمیشە لەگەڵ گۆڕانکاریدام، بەڵام بەشــێوازێکی زۆر ســەردەمیانە کە هونەری کوردی بە جوانترین شێوە لەبەرچاو بگیرێت نەوەك وەك ئەمــڕۆ گەنجەکانمان پەنا ببەنە بەر هونەری بێگانە، من لەگەڵ ئەوەدام چەندین جۆر لە جۆرەکانی ستایلی مۆســیقا هەبێت، بەڵام با هەمیشە کوردانە کارەکانمان بکەین نەوەك لە ژێر کاریگەری وڵاتانی دراوسێ و غەیرە دراوسێ بین، تۆ کاتێك مۆسیقایەکی عەرەبی دەهێنیت و بە کــوردی دەیڵێیت پێم وایە دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو رەســەنایەتیەی کە لە گۆرانی عەرەبی خۆیدا هەیــە و جارێکی تر بچم گوێ لە نوسخە ئەسڵییەکەی خۆی بگرم نەك بە کۆپی کراوی گوێ لە کارێکی عەرەبی بگرم، من هونەرمەندەکە خۆی بەرپرسی یەکەمی ئەم کێشەیە دەزانم دواتر وەزارەتی رۆشنبیریش بە بەرپرس دەزانم لەم کێشە و کەم تەرخەمییە، چونکە پێویســتە بەرهەمی هونەرمەندان بە فلتەرێکدا بڕوات و بخەملێنرێن بەوەی کە تا چەند خزمەتی هونەری کوردی دەکات و تا چەند شیاوە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی بــەرەو خەتەرناکی نەبات لە بواری هونەردا و هونەرەکەمان نەخاتە مەترسییەوە، تەمەنام

# لەگەڵ ئەوە نیم کە دەڵێن هونەری کوردی لە قەیراندایە

دەکرد ڕێکخراوی هونەرمەند بیتوانیایە ڕێ لەو لێشاوە بگرێت.

**• حکومەتی هەرێم هاوکارییەکی باش بۆ هونەر تەرخان کردووە، تا چەند ئەم هاوکارییە توانیویەتی خزمەتی ڕەوشی هونەری بکات؟**

-بەداخەوە ئەو هاوکارییەی حکومەتی هەرێم بۆ هونەرمەندان بە قەدەر ئەرز و ئاسمانە کەسێك لە ماوەی دوو هەفتەدا دەبێتە هونەرمەندێکی گەورە و پێی دەڵێن هونەرمەندی گەورەی گەلەکەمان، هەشە لە هەشتاکانەوە دەیان شاکاری هونەری جوانی هەیە کەچی وەك پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە، بۆیە هەست دەکەم ئەم ڕەفتارانە ویژدانی هونەرمەندان ئازار دەدات بۆیە دەڵێم ناواقیع بینییەك هەیە لە بوارەکەدا هەمووشی دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی بەرپرسی کە وەزارەتی ڕۆشنبیرییە.

*** دەنگی تۆ دەنگێکی ڕەسەنە و ستایلی کار کردنت ستایلێکی کوردانەیە پرسیار ئەوەیە تۆ خۆت حەزت بە کارکردن لەو ستایلە کردووە یاخود دەنگی تۆ وا پێویست دەکات لەو ستایلە ڕەسەنەدا کار بکەیت؟**

-من بەڕێز و ئیحترامەوە باسی هەموو ئەو برادەرانە دەکەم کە وەك کاری موزیك یان بە هەر شێوەیەکی دیکە بێت هاوکاری منیان کردووە و ستایل و دەنگی من تایبەتە و زیاتر لە ستایلێکی کوردەوارییە و هەر بەرهەمێکیش کە من پێشکەشی بکەم دەبێت خزمەتی هونەری ڕەسەنی کوردی بکات، من خۆم خاوەنی ستایلێکی تایبەت بە خۆمم و جەماوەریش بەو ستایلە دەمناسان و ئەو بەڕێزانەی کە پسپۆڕیشن لە بوارەکە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە دەنگی من دەنگێکە بە تەواوی دەتوانم بڵێم بۆنی کوردی پێوە دیارە ، و جێگای شانازییە بۆ من کە بتوانم لە ڕێگای هونەرەکەی خۆمە خزمەتی هونەری ڕەسەنی کوردی بکەم.

*** هەوڵ نادەیت لە ئاینده دا گۆڕان لە ستایلی خۆتدا بکەیت؟**

- حەز بە نوێکاری دەکەم لە کارەکانمدا، بەڵام بەمەرجێك بەجۆرێکی ئاوا بێت کە کار نەکاتە سەر بەرهەمەکانی پێشووم، من لە سیدی پێشوودا تا ڕادەیەك گۆڕانگاریم کرد جەماوەریش پێشوازی لەو گۆڕانکاری و نوێکارییەی من کرد هەوڵمدا هونەرەکەی خۆم بە ئاراستەی خزمەتی کردنی هونەری ڕەسەنی کوردی ببەم، و لە بەرنامەمدایە لە هەموو بەرهەمێکی نوێدا گۆڕانکارییەك لە کارەکانمدا بکەم.

*** خۆ بەستنەوە بە فۆلکلۆرەوە بەسەر بۆ ئەوەی ئێمە هونەری خۆمان بەرەو پێش ببەین.**

- نەخێر خۆ بەستنەوە بە فۆلکلۆرەوە بەس نییە بۆ ئەوەی ئێمە هونەری خۆمان بەرەو پێش بەرین، پێویستە ئێمە چاو لە موسیقای دەوروبەر بکەین، کە بەردەوام گۆڕانکاری تێدا دەکرێت، دەبێ ئێمەش بەشێوەیەکی هاوچەرخانە کارەکان ئەنجام بدەین، بەڵام ڕەسەنایەتی کارەکانمان بپارێزین.

*** پێشنیارت چییە بۆ پێش خستنی هونەری کوردی؟**

- با چیتر هونەرمەندانی کورد پەنا نەبەنە بەر ستۆدیۆکانی دەرەوەی کوردستان بۆ تۆمارکردنی بەرهەمەکانیان، یەکێك لەو خاڵە گرنگانەی هونەر بەرەو پێش دەبات زەمینە سازییە بۆ بەرەو پێش چوونی هونەری مۆسیقا، یەکێك لەو خاڵانەی دەبێتە هۆی بەرەو پێش بردنی کاری هونەری هونەرمەند نەهێشتنی دیاردەی کۆپی ڕاستە بەڕاستی هونەرمەندان هەموویان بەو دیاردەیەوە دەناڵێنن، سەرەتاترین مافی هونەرمەندە کە پێشێل دەکرێت لەم وڵاتە، و پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیری چەند ستۆدیۆیەك بۆ هونەرمەندان بکاتەوە بەمەبەستی کار ئاسانی کردن بۆ کاری هونەرمەندان و خزمەتی هونەری کوردی.

*** ئێستا پرۆژە و بەرنامەی هونەریت چییە؟**

- ئێستا سەرقاڵی کلیپ کردنی بەرهەمی (هەڵوەرین)م، کە بە سوپاسەوە کەناڵی سلێمانی کاری وێنەرگرتنی بۆ ئەنجام داوە و لە دەرهێنانی پێشەوا نەبەرو وێنەگرتنی (بەهمەن عەزیز)ە، جگە لەوەی خەریکی خۆ ئامادەکردنم بۆ سیدییەکی نوێ، بەنیازم لە ئایندەیەکی نزیکدا کاری موزیك و تۆماکردنی بۆی ئەنجام بدەم.





# شەوکەت ئەمین:

# لە کاتی وێنەگرتنی فیلمی شوێنێک بۆ یاری چەندین جار هەڕەشەمان لێکراوە






***هونەرمەنـدی سـینەماکاری کورد "شـەوکەت ئەمیـن کورکـی" بـە فیلمی سـینەمایی "شـوێنێك بۆ یاری- KICK OFF " لە ڕێورەسمی کۆتایی چواردەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی پووسان لە کۆریای باشوور خەڵاتی ٣٠ هەزار دۆلاری بەشی "ڕێڕەوە نوێیەکان" بەدەستهێنا.***

***ئەمساڵ لە چواردەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیـی فیلمی پووسـان زیاتر لە ١٧٣ هەزار و ٥٠٠ کەس لە وڵاتی کۆریای باشوور بۆ بینینی فیلمەکان دانیشـتن، ٢٢٠٠ کەس لەوانە ٣٧٠ پەیامنێـری بیانی هەواڵەکان و ڕووداوەکانیـان لـە ڕاگەیاندنەکانی جیهان بڵاوکردەوە. لەم فیستیڤاڵەدا بە گشتی ٣٥٥ فیلم نمایش کرا و سینەماکانی ئەم فیستیڤاڵە زیاتر لـە ٨٠٠ جار میوانـداری هۆگرانی سینەما بوون.***

***بـۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری فیلمەکە و بەدەستهێنانی خەڵاتەکە بین بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیە لەگەڵ دەرهێنەر شەوکەت ئەمین ساز بکەین.***

*** بیرۆکەی دەرهێنانی فیلمی(شوێنێك بۆ یاری) چۆن درووست بوو؟**

_ ڕاستییەکەی لەساڵی ٢٠٠٧ سەفەرێکم کـرد بۆ کەرکوك لەوێ چاوم بەو سـتادیۆمە کـەوت کە خەڵکـی تێدا دەژیـت لەناوچەی شـۆریجەی شـاری کەرکوك،چەند وێنەیەکی فۆتۆگرافی ئەو شوێنەم گرت، شوێنەکە ئەوەندە سـەرنجڕاکێش بوو پڕ بوو لەخەیاڵ و چیرۆك، دوای ئەو سـەفەرەم بۆ کەرکوك لەفیستیڤاڵی تۆکیۆ بە فیلمی (پەڕینەوە لە غوبار) بەشداریم کـرد، لـەوی تەلەفزیۆنـی (N.H.K) کە تەلەفزیۆنی حکومەتی یابانە فیلمەکەی منیان پێ باش بوو، ئەوان هەموو ساڵێك ئەو فیلمانە دەبینن کە بەشـداری لەفیستیڤاڵەکەدا دەکەن، پەیوەندییـان بە منەوە کرد دیاربوو زۆر حەزیان لـە فیلمی (پەڕینەوە لە غوبار) کردبوو، ئەوان گوتیان ئێمە بودجەیەکمان هەیە دەی بەخشـین بەو سـیناریۆیەی لەوڵاتانی ئاسـیاوە پێمان دەگات، پێمان خۆشە تۆش سـیناریۆ بهێنیت لەبەر ئەوەی زۆر حەزمان لەفیلمی یەکەمی تۆ کردووە، هەر ئەو کات بیرۆکەیەك هەبوو لەسەر سـتادیۆمەکە لەگەڵ وێنەکان پێشکەشم کردن، نزیکەی ١٦ وڵات داوای ئەو بودجەیەیان کردبوو بـەڵام وابزانم ئەوان سـیناریۆی منیـان لا باشـتر بوو،





پێیان گوتم ئێمە کورتە چیرۆکی تۆمان پێ باشە سیناریۆکەی بنووسە و بۆمان بنێرە، بە ماوەی شەش تا حەفت مانگ سیناریۆکەم نووسی، دوای ئەوە سیناریۆکەم بۆ ناردن ئەوان ڕەزامەندییان دەربڕی و تەنانەت بودجەیەکی زیاتریشیان تەرخان کرد بۆ فیلمەکە لەچاو ئەو بودجەیەی ساڵانی تر دەیان دا بە دەرهێنەرانی وڵاتانی ئاسیا.

*** ماوەی چەند ساڵێك بوو سینەماکارانی کورد، کوردیان وەك میللەتێکی زوڵم لێکراو پیشان بە جیهان دەدا و ڕەخنەگرانیش پێیان وابوو تەنها گرتنەبەری ئەم ڕێچکەیە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی خەڵات، ئەمە دووەم جارە تۆ کێشەکان دیاری دەکەی لەدوای فیلمی (پەڕینەوە لە غوبار) ئەم دەستنیشانکردنە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

_ ئەمە خۆی ڕاستییە تۆ ئەگەر سەیری کورد بکەی بە درێژایی مێژوو زوڵمی لێ کراوە و تا ئێستا هەموو مافەکانی خۆی بەدەست نەهێناوە بەردەوامیشە لەهەوڵدان بووە بۆ گەیشتن پێیان، سینەماکارانی کوردیش لەو بارودۆخە دوور نین، لەناو ئەو کێشانەدا ژیاون، ئەگەر باسی خۆم بکەم لەتەمەنی دوو ساڵیدا تووشی ئاوارەیی و ڕاوەدوونانی ڕژێمی بەعس هاتووین، پێم وایە هونەرمەند ئاوێنەیەکە بۆ پیشاندانی کێشەکانی دەورووبەری خۆی، ئێمە ئەگەر بێین باسی هەندێك شت بکەین کە پەیوەندی بە کوردستانەوە نییە کی پێمان دەڵێت دەستخۆش، خۆی سینەما لە هەموو جیهان زیاتر ئاماژە بەو لایەنانەی کۆمەڵگا دەکات کە خۆی لە ئازار و کێشەکان دەبینێتەوە، کەمتر فیلمێکی سینەمایی باسی شتێك دەکات کە کێشە نییە، ئەمەش وای کردووە ئەو ئازار و کێشانەی میللەتی کورد بەدرێژایی مێژوو بە جۆرێك لە جۆرەکان لەناو سینەمای کوردیدا ڕەنگ بداتەوە.

*** هەموو کارێکی هونەری پەیامی خۆی هەیە، پەیامی تۆ چییە لە فیلمی (شوێنێك بۆ یاری)؟**

_ هەر کە چووم بۆ ستادیۆمەکە دیمەنی ستادیۆمەکە زۆر سەرنجی منی ڕاکێشا، ستادیۆم شوێنێکە بۆ یاری و خۆشی، ئەوانەی دەچن بۆ ستادیۆم حەز دەکەن کاتی خۆیان بە خۆشی ببەنە سەر، بەڵام دیمەنی ئەو ستادیۆمە بەپێچەوانەوە بوو، ببو بە شوێنێکی ماتەمینی، خەڵکێك بە زۆر لەوی دەژیان، کێشەی ئاو و کارەبا و هەژاری هەبوو لەو ستادیۆمە، کەشێکی وای هەبوو دەت گوت شەڕێکی گەورە لەو شوێنە رووی داوە لەجیاتی یارییەکی گەورە، منیش بیرم کردەوە پەیامی فیلمەکە دەبێتە ئەوە کە چۆن شوێنێکی وەك ستادیۆمەکە کە ئێستا بۆتە شوێنێکی ناخۆش چەند گەنجێك هەوڵ دەدەن دووبارە شادی و خۆشی بۆ ستادیۆمەکە بگەڕێننەوە، کورد هیچ کاتێك بی هیوا نەبووە هەمیشە بڕوای وایە خۆشی و شادییەك لە دوای هەر ناخۆشییەك دێت، لەناو ئەو ستادیۆمەش دوای ئەو بارودۆخە سەختە خەریکە خۆشییەك دێت،هەر چەندە ئەو خۆشییە بە ئەنجام ناگات لەبەر ئەوەی کۆتایی فیلمەکە خۆشی و پێکەنین نییە بەڵکو کۆتاییەکی تراژیدییە، بەڵام ستایشی ئەو کۆششە دەکەم بۆ گەیشتن بەو خەونانە، ئەمە پەیامی منە لەفیلمەکەدا.

*** ئەو خەڵاتە چی بوو کە لە فیستیڤاڵی بۆسان بەدەستت هێنا؟**

_ خۆی فیلمەکە دوو خەڵاتی بەدەستهێنا لەفیستیڤاڵی بۆسان دا، ئەو فیستیڤاڵە دوو سێ خەڵاتی هەیە، خەڵاتی گەورەی فیستیڤاڵ و خەڵاتی ڕەخنەگرانی جیهانی، فیلمی (شوێنێك بۆ یاری) هەردوو خەڵاتەکەی بەدەستهێنا.

*** کاردانەوەی فیلمەکە چۆن بوو لەناو ئامادەبووانی فیستیڤاڵەکەدا؟ ئایا پێشبینی بەدەستهێنانی دوو خەڵاتت دەکرد؟**

_ بە ڕاستی زۆر باش بوو، هەر کە چووم بۆ

## شەوکەت ئەمین کورکی لە چەند دێڕێکدا

**لەساڵی ١٩٧٣ لەدایك بووە، لەساڵی ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران بووە، تاکو ساڵی ١٩٩٩ لە ئێران ماوەتەوە ئەو کاتە گەڕاوەتەوە کوردستان، یەکەم کاری خۆی بە شانۆ دەست پێکردووە لەساڵی ١٩٨٦، ساڵی ١٩٩٠ یەکەم کورتە فیلم بەرهەم دێنێت بە کامێرای هەشت ملیمی سینەمایی، دواتر لەئەنجومەنی لاوانی سینەمایی ئێران خوێندوویەتی ئەو کاتە کورتە فیمێکی پازدە خولەکی بە شێوەی دیکیۆمێنتی لەسەر ژیانی ئاوارە کوردەکان لە ئێران دەرهێناوە، بۆ بەشی کوردی کەناڵی سەحەر چەند زنجیرەیەکی دیکیۆمێنتی بەرهەم هێناوە لەسەر دابونەریتی خەڵکی کوردستان جگە لە دوو فیلم بەناوی دەریاچە و بەرزبوونەوەی دەبدەبەکان، هەروەها بۆ تەلەفزیۆنی مەهاباد کاری کردووە، دوای گەڕانەوەی لەساڵی ١٩٩٩ بەردەوام بووە لەکارەکانی و سێ کورتە فیلمی دەرهێناوە، (دەما باران بێت) لەساڵی ٢٠٠٠، (بازگە )ساڵی ٢٠٠٢ هەروەها (گەف) لەساڵی ٢٠٠٣. لەساڵی ٢٠٠٥ یەکەمین فیلمی سینەمایی خۆی بەناوی (پەڕینەوە لە غوبار) بەرهەم هێناوە، شوێنێك بۆ یاری دووەم فیلمی سینەمایی خۆیەتی. شەوکەت ئەمین تائێستا حەڤدە خەڵاتی جیهانی بردۆتەوە و پێشبینیش دەکرێت خەڵاتی زیاتریش بەدەست بێنێت.**







فیستیڤاڵ هەستم کرد دەنگوباسێکی زۆرباشی فیلمەکە هەیە، ئێمە ڕۆژی دووەم گەیشتینە فیستیڤاڵەکە نمایشێکی فیلمەکە کرابوو، ئەو فیلمە چوار جار نمایش کرا، جاری یەکەم لەوێ نەبووم وەك وتم هێشتا نەگەیشتبووین بۆ فیستیڤاڵەکە، بەڵام کە گەیشتمە ئەوێ و ڕەنگدانەوەی خەڵکم بینی زۆر خۆشحاڵ بووم. پێشبینی یەك خەڵاتم دەکرد نەك دوو لەبەر ئەوەی یەکەم نمایشی فیلمەکە بوو. ڕۆژێك دوای گەیشتنم بۆ فیستیڤاڵ کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی بۆ ١٢ دەرهێنەر سازکرا





هەر دەرهێنەرێك لەسەر مێزێك دانیشتبوو، ڕاگەیاندنی جیهانی و ڕۆژنامەنووسان هەریەکەیان دەچوونە لای مێزێك ئەو مێزەی من قەرەباڵغترین مێز بوو فرانس پرێس و هۆڵیۆد ریپۆرتەر و ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی کۆریا لەوێ ئامادەبوون و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ من کرد، ڕۆژی پێش خەڵات وەرگرتنەکە بە منیان گوت خەڵاتت هەیە، سەرۆکی لیژنەی دادوەری دەرهێنەرێکی فەرەنسی بوو هات بە منی گوت فیلمەکەی تۆ ئەوەندە خۆش بوو کاری ئێمەی ئاسان کرد بۆ دەستنیشانکردنی باشترین فیلم لەبەر ئەوەی کە فیلمەکەی تۆمان بینی فیلمەکانی ترمان لەبەر چاو نەما.

*** پشتت بە چەند ئەکتەرێکی دراما بەستووە لە فیلمەکەدا لەجیاتی ئەکتەری سینەمایی، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

_ ئێمە ئەزموونێکی زۆرمان نییە لەگەڵ سینەمادا نییە، هەروەها ئەکتەری سینەماییمان نییە چەند کەسێکی دیاریکراو نەبێت، لەبەر ئەوەی ئێمە سینەمایەکمان نەبووە وەك وڵاتانی تر ساڵانە پەنجا تاکو سەد فیلمی سینەمایی بەرهەم بهێنی و ژمارەی ئەکتەری سینەمایی زیاد بکات، ئەکتەری سینەمایی ئێرە یان کاری شانۆ و درامای کردووە یان ئەوانەی یەکەم جارە دێنە بەردەم کامێرا و لەوانەیە ببنە ئەکتەری سینەمایی سەرکەوتوو. من بیر لەوە ناکەمەوە ئەوە ئەکتەری شانۆیە یان دراما هەر ئەکتەرێك بۆ کارەکەی من باش بێت هەڵی دەبژێرم.

*** ئەو ئاستەنگانە چی بوون کە هاتنە بەردەم وێنەگرتنی فیلمەکە؟**

_ زۆر زۆر بوون، لەفیلمەکەی پێشترم کێشە هاتنە سەر ڕێگا، بەڵام لەم فیلمەدا زۆر زیاتر بوون، گەورەترین ئاستەنگ کە هاتە بەردەم ئەم فیلمە کێشەی نائارامی شاری کەرکوك بوو، یەکەم فیلمی سینەمایی لە کەرکوك درووست بوو ئەم فیلمە بوو، هەموویشی لە کەرکوك بوو، دەبووایە بۆماوەی دوو تا سێ مانگ لەکەرکوك بین، کەچی تۆ بە هەر کەسێکت دەگوت ئێمە بەنیازی کارێکی واین لەکەرکوك ترس دای دەگرت، زۆر کەس ڕەتی کردەوە بێتە کەرکوك تەنانەت یەکێك لەئەکتەرە سەرەکییەکانی فیلم کە پێشتر هەڵبژێردرابوو دوو ڕۆژ پێش وێنەگرتنی فیلمەکە گوتی من نایەم دەترسم. ئێمە ڕۆژانە گوێ بیستی دەنگی تەقینەوە دەبووین، دوو هەفتە مابوو بۆ کۆتایی هاتنی کارەکە هەڕەشەمان لێکرا، یاریدەدەری من کە ژمارەی دابوو بە زۆر کەس هەندێك نامەی نەناسراوی بۆ دەهاتن، لەچەند دیمەنێکی فیلمەکەدا ئەکتەرێکی بیانی بەشداربوو دوای هاتنی ئەو هەڕەشەکان زیاتر بوون، هەروەها لەبەشێك لەفیلمەکەدا عەمید سەرحەد بەشدارە هاتنی ئەویش بۆ ناو فیلمەکە هەڕەشەکانی زیاتر کرد. جگە لەمەش ئێمە لە چلەی هاوین بەو گەرمایە کە ٥٠ پلە زیاتر بوو دەبووایە لەبەیانی تائێوارە لەبەر هەتاو بوەستین.

*** ئەم فیلمە لە چەند فیستیڤاڵی تر بەشداری دەبێت لەداهاتوودا؟**

_ لەئێستاوە چەندین بانگهێشتمان بۆ هاتووە لە زۆر فیستیڤاڵ، بەدڵنیاییەوە لە زۆر فیستیڤاڵ بەشدار دەبین.

*** دوای ماوەیەکی زۆر لەبەرهەمهێنانی فیلمی (پەڕینەوە لە غوبار) بینەری کورد ئەو فیلمەی بینی، ئەی کەی فیلمی (شوێنێك بۆ یاری) دەبینێت؟**

_ ئەوە کێشەیەکی گەورەیە و منیش هەمان پرسیار دەکەم، ڕاگەیاندن پرسیار لەمن دەکات و منیش ئەو پرسیارە لەحکوومەت دەکەم، پێشتر گوتوومە و ئێستاش دەڵێم من فیلم درووست ناکەم کە تەنها بچێتە فیستیڤاڵ و خەڵات وەربگرێت، فیلم درووست ئەکەم کە پێش هەموو کەس کورد ببینێت، چونکە ڕاستە پەیامی من پەیامێکی جیهانییە، بەڵام حەزدەکەم میللەتی خۆم پێش هەموو کەسێك ئەو فیلمە ببینێت، بەڵام بەداخەوە لەبەر نەبوونی هۆڵی سینەمایی چی دەکەی، نازانم تا کەی من و دەهێنەرەکانی تر بەو کێشەیەوە بناڵێنین، ئێمە ناچارین دوای چەند ساڵێك بیدەین بە تەلەفزیۆن یان بەشێوەی دیڤی دی بڵاوی بکەینەوە،باشترین چارەسەر ئەوەیە چەند هۆڵێکی سینەمایی لەکوردستان درووست بکرێن. لەم ڕۆژانە لە هۆڵی پێشەوا فیلمەکە نمایش دەکەین، بەڵام ئەوپەڕی ئەگەر دوو سەد کەس یان سێ سەد کەس ببینێت، بۆیە لێرەدا دووبارە داوا لە حکومەت دەکەم بە زووترین کات هۆڵی سینەمایی درووست بکات، نابێت حکومەت بیر لەوە بکاتەوە لەچەند ساڵی داهاتوودا چەند هۆڵی سینەمایی درووست بکات دەبێت بیر لەوە بکاتەوە چۆن لەماوەی شەش مانگدا هەولێر ببێتە خاوەنی شەش هۆڵی سینەمایی. سلێمانی و دهۆك و کەرکوکیش بە هەمان شێوە.

*** هاریکاری خەڵکی ناو ستادیۆمی کەرکوك چۆن بوو؟**

_زۆر باش بوو من زۆر سوپاسیان دەکەم زۆر یارمەتیان داین، هەروەها سوپاسی ستافی کارەکە دەکەم هەموویان زۆر بە باشی کاریان دەکرد.

*** زانیومانە جگە لەحکومەتی کوردستان کەرتی تایبەتیش بەشداربووە لەو فیلمەدا، ئەوان کێ بوون؟**

_ ئەو فیلمە بەرهەمی کۆمپانیای (نارین فیلم)ە، سپۆنسەرەکانی ئەم فیلمەمە تەلەفزیۆنی ئێن ئێچ کەی، بەشی سینەمای سلێمانی لەوەزارەتی ڕۆشنبیری هەروەها






### ئەو فیلمانەی زۆرترین داهاتیان بەدەست هێناوە لەم هەفتەیەدا

# فیلمی"چالاکی بێ وێنە" زۆرترین داهاتی لەسینەماکان کۆکردۆتەوە

**ئەم هەفتەیە فیلمە تۆقێنەرەکان زۆرترین بینەریان هەیە، و بەشی نوێی "مشارێش" نمایش کرا**

فیلمی ترسناك مێژوویەکی هەیە لەناو سینەماکاندا، و لەبەر حەزی بینەر بۆ ئەو نمایشانە، وای کردووە جۆرەهای لێ درووست بکرێت. سەرەتای ئەم بیرۆکەیە دەگەڕێتەوە بۆ، بۆ چیرۆکە تۆقێنەرە کلاسیکییەکانی ئەوروپا، کە گرنگترین پاڵەوانەکانی بریتین لە: دراکۆلا، فرانکنشتاین، مۆمیا، پیاوی گورگ، زۆرێکیش لەو فیلمانە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە داهاتون.

زۆرینەی فیلمە تۆقێنەرەکان، لەچەند بیرۆکەیەك پێك دێن کە دوورە لەراستییەوە، کۆمەڵێك توانای بێ سنوور دەداتە کەسی تۆقێنەر، کە ئەستەمە هیچ کەس ئەو توانایەی هەبێت، و زۆرجاریش کەسی تۆقێنەر مرۆڤ نییە، شتێکە کەوا بەپێی خەیاڵی نوسەرو دەرهێنەری فیلمەکە درووستکراوە.

فیلمی چالاکی بێ وێنە "Paranormal Activity" توانی بە کۆکردنەوەی زیاتر لە ٢١ ملیۆن دۆلار ببێتە باشترین فیلمی ئەم هەفتەیەی سینەماکانی ئەمەریکا، فیلمەکە باس لەخێزانێك دەکات، بۆ شوێنێکی تر ماڵیان دەگوازنەوە لە دەوروبەری شار، ژن و مێردەکە هەردەم لە ترس و دڵەراوکێدان بەهۆی بوونی گیانەوەرێکی ترسناك کە بەشەو دێتە ماڵەکەیان.

فیلمەکە لەدەرهێنانی ئارۆیین پێلی و پاڵەوانێتی کاتی فیزرستۆن، میکا سلوك، ئەمپیر ئەرمسترۆنج، راندی مەکدوێڵ.

**ئەمەش تەواوی باشترین فیلمەکانی ئەم هەفتەیەی ئەمەریکا بەپێی پەیداکردنی زۆرترین داهات:**

Paranormal Activity)) ٢١،١٠٤ ملیۆن$، کۆی داهات: ٦١،٥٨٠ ملیۆن$، بە٥هەفتە، پلەی پێشو:٣

Saw VI) ١٤،١١٨) ملیۆن$، کۆی داهات: ١٤،١١٨ملیۆن$، بەیەك هەفتە

Where the Wild Things Are) ١٤،٠١٩) ملیۆن$، کۆی داهات: ٥٣،٥٥٨ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشو:١

Law Abiding Citizen)) ١٢،٨٨٨ ملیۆن$، کۆی داهات: ٤٠،٠٠٨ ملیۆن$ بە٢ هەفتە، پلەی پێشو:٢

Couples Retreat) ١٠،٦٢٠) ملیۆن$، کۆی داهات: ٧٧،٧٣٦ ملیۆن$، بە٣ هەفتە، پلەی پێشو:٤.

Astro Boy) ٦،٧٠٢) ملیۆن$، کۆی داهات: ٦،٧٠٢ملیۆن$، بەیەك هەفتە.


Cirque Du Freak: The Vampire's Assistant) ٦،٢٩٣) ملیۆن$، کۆی داهات ٦،٢٩٣ ملیۆن$، بەیەك هەفتە.

The Stepfather) ٦،٢٣٠) ملیۆن$، کۆی داهات: ٢٠،٠٨٢ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشو:٥

Cloudy With a Chance of Meatballs) ٥،٢٥٠) ملیۆن$، کۆی داهات ١١٤،٨٥٤ ملیۆن$، بە ٦ هەفتە، پلەی پێشو:٦


Zombieland) ٤،٢٠٥) ملیۆن $ ، کۆی داهات: ٦٧،٢١٣ ملیۆن$،













ئا: عەبدوڵا چنگیانی